# پەرەسەندوبیت خوپیشاندنی جەماوەری شاری هەلە بجە بەدژی دەسەلاتە گەندەل وسەرو خەلکییەکەی ناسونالیزمی کورد!

ئەمرۆ 3/16 بۆ یادی کارەساتی کیمیابارانی هەلبجە.. نارەزایەتی خەلکی ئەمشارە بەخۆپیشاندان رووبەرووی دەسەلاتی کەندەلی ئەحزابی ناسیونالیزمی کود(لە پیشیانەوە یەکتی نیشتمانی وپارتی دیموکراتی کوردستان) بووە. هەوالەکان وارادەگەیەنن کەکۆمەلیك لەبەرپرسیرانی یەکتی وپارتی بۆ ریکخستنی ڤیستفالی سالانەی "رۆژی هەلەبجە" بەرەو ئەم شارەبەری دەکەون بەلام هەرلەدەروازەی شارەوە رووبەرووی خوپیشاندانی جەماوەر دەبنەوە و دەکەونەبەردەم نەفرەت وبیزاری خەلکەوە، دەزگاکانی پۆلیس وئاسایشی پەکیتی بەهاوکاری بارەگای پارتی و هاوپەیماناتی تر بە پەلە دەرژینە نیو شەقامەکانەوە و بۆ دامرکاندنەوەی دەنگی نارەزایەتی خەلك دەست بەتەقەو ترساندن و هەرەشەی کوشتن لەخەلك دەکەن و تاکاتی گەیشتنی ئەم هەوالە چەندین بریندار وکوژراویك هەیە... ویرای ئەم پەلامارەی چەکبەدەستانی یەکیتی وپارتی بەلام وورەی خەلکی نارازی ئەشارە بەوپەری توورەیی و بیزاری گەیشتووە وباروۆدخی شار هیشتا لەنیوان خەلك و چەکدارەکاندا بارگرژە.. شایانیباسە نارەزایەتی خەلکی ئەم شارە ماوەیەکە بەشیوە وبەبەهانەی جۆراوجۆر یەخەی دەسەلاتدارانی گرتۆتەوە و راستەوخۆ لەدژی گەندەل و دزی و فەسادیك کە ئیدارەی شار بەرامبەر بەژیانی خەلك و بارودۆخی شارەکە بەریوەیان بردووە خوی خستۆتەروو. خەلکی شاری هەلبجە کە دەیان وسەدان جار وەعدەوبەلینی سەرانی یەکیتی وپارتیان بیستووە کەشاری هەلبجە ئاوەدان دەکەنەوە و دەیکەنە "شاریکی پیشەنگ" بۆباقی شارەکانیتری کوردستان، بەلام ئەوە 15 سالە لەسایەی دەسەلاتی ئەم حیزبانەدایە کەنەك کاریك بۆخەلکی ئەم شارەنەکراوە بەلکو بەتەواوی بۆتە ویرانەیەك وژیانی تیدانەماوە، بیئاوی وبیکارەبایی، داتە پینی یەکجاری باری خویندگاو نەخوشخانەو ریگاوبان و سەرجەم بەریوەبەرایەتییەکان ولە پال بیکاری و بیخەنەولانەیی و هەژاری وگرانی دەیان موسیبەتی تر حالەتی سەختی ژیانی ئەمشارە بەیاندەکەن. ئەوەشی بۆ هەمووان زانراوە ئەوەیەکەدەسەلاتدارن وبەرپرسیرانی گەورە وبچووکی یەکیتی وپارتی ژیانی خەریکی گیرفانپرکردنن و لەژیانی فیرعەونیدا دەژین. ئەمە لەکاتیکدایە کە ویرای بودجەی نەوت و داهاتی دەسەلاتداران سەدان ریکخراوی خیرخواز وبەشی ئاوەدان کردنەوەی نەتەوەیەکگرتووەکان سەرمایەی زۆر وزەبەندیان خستۆتەبەردەسەت بەناو حکومەتەکانی سلیمانی وهەولیرەوە بۆئاوەدانکردنەوە وباشکردنی ژیانی خەلکی ئەمشارە.. ئەمانە ئەو واقعیەتانەن کەنارەزایەتی خەلکی بەخۆپیشاندانی بەرهەق گەیاندووە..خواستی خەلك خواستی باشکردنی ژیان ئەم شارەو لابردنی بەلاو موسیبەتەکان وئیدارەی گەندەلی یەکیتی وپارتیە بەسەر سەریانەوە. ئەوان بەرۆشنی رایان گەیاندووە کە ڤیستفال ناکەن وباشکردنی ژیانیانخۆیانیان لەریگای نوینەرانی خۆیانەوە دەوێ .. دەیانەویت پارەو داهاتی دەستی ئەم دەسەلاتەو حیزبەکانیان پیبردی و لەریگای نوینەرانی خۆیانەوە خەرجی باشکردنی ژیانی خۆیانیبکەن.. ئەمە خواستیکی بەرهەقەو لەم خواستەشدا هەموو خەلکی کوردستان خۆیان بەشەریك دەبیننەوە.. خوپیشاندانی قوتابیانی ماویەك لەمەوبەری زانکۆی کۆیەو هەروەها خوپیشاندانی هیمنانەی خویندکارانی چەمچەمالی رۆژی 3/14 و راپەرینی دوینیی خەلکی رانیەو کەلا رو ئاکری و زاخۆ..وو.. وئیمرۆی هەلبجە، ههەموویان بەلگەن بۆئەوەی کە ناسیونالیزمی کورد و دەسەلاتی حیزبەکانی نەك ناتوانن وەلامدەرەوەی خواستو ئاوات و ئارەزووەکانی خەلکی کوردستان بن، بەلکو راستەوخۆ بەربەستن لەبەدیهاتنی ژیانیکی باش وخۆشگوزەران و ئاسوودەبۆیان..
کەوایە ئیتر نۆرەی ئەوەهاتووە کە خەلکی خۆیان ئیدارەی شارەکان لەدەست بگرن ..

سایتی حیزب

3/16